**ئەم ژمارەیە دوا ژمارەی گۆڤاری گوڵان دەبێت لەساڵی 2011دا، ساڵی 2011 ئەگەر بۆ بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و..تاد، هەنگاوی بەرەو دواوە نابێت، لەتەکنۆلۆژیادا وەك هەمیشە پێچەوانەیە، تەکنۆلۆژیا هەمیشە لەپێشدایە و هەر ڕۆژە داهێنانی نوێ، ئامێری نوێ، پرۆگرامی نوێ بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی بەرهەم دێن.. ئەم ئامێرە تەکنۆلۆژیانەی لەخوارەوە ئاماژەیان**

# گۆڤاری TIME Specials باشترین ئامێرەکانی تـــ



## ئایپادی 2 «iPad2»

ئامێری ئایپاد هەر لەنیگای یەکەمدا سەرنجت ڕادەکێشێ، ئامێرەکە تەواو تایبەتە بەتوێژی گەنجان.. کە یەکەمین ئامێری ئایپاد هاتە بەرهەم، ستیۆجابێزی کۆچکردوو، مەزنە پیاوی بواری تەکنۆلۆژیا وەك شۆڕشێکی دیجیتالی باسی لێوەکرد، ئایپادی 2 باریکتر، سووکتر و بەهێزتر لەئایپادی یەکەمە. ئایپادی2 خۆی وەك خاوەن شکۆی تەبلێتەکان ناساند. گەرچی ڕکابەرێکی زۆر کرا، بەڵام هەر لەڕیزی یەکەمدایە.

## گەلەکسی نیکسۆسی سامسۆنگ

لەپێشبڕکێی تەکنۆلۆژیا لەنێوان کۆمپانیای ئەپڵ و سامسۆنگدا، بەتایبەتی لەنێوان ئایفۆن و ئەندرۆید دا، مۆبایلی گەلەکسی نیکسۆس ڕۆڵی پێشەنگی بینیوە، بەو شاشە مەزنەی کە هەیەتی و هەروەها بەتۆڕی خێرای GLTE4 لەگەڵ سیستەمی NFC و جزمەی پارەی ئەلکترۆنی کە زیاتر لەوڵاتانی پێشکەوتوو سوودی لێوەردەگیرێ و هەروەها دوایین ڤێرژنی سیستەمی گوگل، هەموو ئەوانە وایکردووە کە گەلەکسی نیکسۆس پلەی دووەمی تەکنۆلۆژیای نوێ بەدەست بێنێ.





## کیندل فایەر لە ئامازۆن

کۆمپانیای ئامازۆن بەبەرهەمهێنانی کیندەل فایەر کە ئامێرێکی تایبەتە بەکتێب خوێندنەوە و داکردن و هەڵگرتنی کتێبی دیجیتالی، هەروەها سەیرکردنی فیلم و گوێدان بەمۆسیقا پلەیەکی نایابی لەئامێرە تەکنۆلۆژییە نوێیەکان بەدەست هێنا. هەرزان بایی بوونی ئامێرەکە بەبەراورد بەئامێرەکانی پێش خۆی خاڵێکی دیکەی ئیجابی بوو بۆ ئامێرەکە، چونکە ئامێرەکە بەدۆلارێك کەمتر لەدوو سەد دۆلار فرۆشرا. هەروەها خەزنکردنی زانیاری لەئینتەرنێتدا و دابەزاندنی خێرا وایکرد کە لەم لیستەی "تایم"دا پلەی سێیەم بەدەست بێنێ.

## ئایفۆن iphone4s» 4S»



مۆبایلی ئایفۆنی کۆمپانیای ئەپڵ، هێشتاش لەڕیزی یەکەمی مۆبایلە هۆشمەندەکانی جیهان دێت، هەرچەندە وا بڕیار بوو کە لەساڵی 2011دا ڤێرژنی 5ی ئەم مۆبایلە بێتە بەرهەم واتە ئایفۆن 5، بەڵام کۆمپانیا هەندێك نائومێدی بەخشییە بەکارهێنەرانی ئەو ئامێرە و هەر مۆبایلی ئایفۆن4 بەهەندێك دەستکارییەوە هێنایە بەرهەم کە بەناوی Iphone4s ناسراوە. کامێرای ئایفۆن 4s بەبەراورد بەئایفۆن4 لەڕیزی باشترین کامێراکان دێتە ژمار. فەرمانکردن بەدەنگ کە بە سیستەمی siri ناسراوە وایکرد پلەی چوارەم لەڕیزبەندی تەکنۆلۆژیا نوێیەکان بەدەست بێنێ.

## نینتندۆ Nintendo 3ds) 3DS)

سالی ڕابردوو دەکرێ بڵێین ساڵی تەکنۆلۆژیای سێ ڕەهەندی واتە 3D بوو، کۆمپانیای نینتدۆ توانی ئامێری یاری سێ ڕەهەندێ بەبێ بەکارهێنانی چاویلکە بەرهەم بێنێ. ئەو کامێرایانەی کە لەم ئامێرەدا بەکارهاتوون چەندین تواناو کارایيان هەیە کە سێ ڕەهەندی بوون یەکێکە لەم توانایانە. پێوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان دوو ئامێردا هۆکارێکی دیکەی سەرکەوتنی ئامێرەکەیە، هەربۆیە بەڕای گۆڤاری تایم ئەو ئامێرە لەڕیزی پێنجەم دا دێت.



پێدەکەین، دەستەبژێر و هەڵبژاردەی گۆڤاری "تایم"ی ئەمریکین، کە لەخوارەوە کورتە پێناسەیەکیان دەکەین.
گۆڤاری تایم هەر ســاڵە 10 ئامێری تەکنۆلۆژیا لەڕیزبەندی یەکەمەکان دادەنێ، هەروەك لێرەدا دەبینین ئەمجارەش بەرهەمەکانی کۆمپانیای ئەپڵ لەڕیزی یەکەمدان.

# ـــەکنەلۆژی ساڵی 2011 دەست نیشان دەکات



## لاپتۆپی زنجیرەی S لە سۆنی «Sony S series»

لاپتۆپی 13 ئینجی زنجیرەی (S) لەکۆمپانیای سۆنی لەڕیزی لاپتۆپە باشــەکان دێت. تواناکانی لاپتۆپەکە وەك بوونی DVD، کارتی شاشــەی زۆر بەهێز، کێشـــی کەم، دیزاینێکی سەرنجڕاکێش، وایکردووە سەرنجی زۆر لەبەکارهێنەرانی لاپتۆپ بۆلای خۆی ڕابکێشێ.

## Roku2 لە کۆمپانیای رۆکۆ



رۆکۆ2 ناوی ئامێرەکە کە بەتەلەڤزیۆنە دیجیتالییەکان پێوەنـــد دەدرێ، ئەرکی ئەو ئامێرە ئەوەیە کە فیلیمی ڤیدیۆیی بەکوالیتی HD لەکۆمپانیا ناسراوەکانی وەك Netflix, Hulu plus, Amazon ...تـــاد وەربگـــرێ.
بەهۆی ئەو ئامێرەوە نە تەنیا دەتوانی ســـەیری پرۆگرامەکانـــی تەلەڤزیۆن بکەی، بگرە یاری ئەلکترۆنیش ئەنجام بدەی، ئەگەر یارییەکـــی ئەلکترۆنی بەکوالیتی HD لەسەر تەلەڤزیۆنێکی 40 ئینجی بکەی دەبێ چ چێژێکی هەبێت!!



## Atrix 4G لە کۆمپانیای مۆتۆرلاوە

ڕەنگە لەیەکەم دیداردا ئەو مۆبایلە زۆر سەرنجت ڕانەکێشێ، چونکە بەپێی پێویست نییە و تارڕادەیەکیش گرانبابییە، بەڵام دەکرێ بڵێین مۆبایلە هۆشـــمەندەکە نیگایەکە بۆ داهاتوو، چونکە وەك مۆبایلێکی هۆشمەند دەکرێت لەسەر ئامێری "DAK"دابندرێ و هەمـــوو ئەرکەکانی لاپتۆپـــت لەکۆڵ بکاتـــەوە. مۆبایلێك کـــە دەبێتە لاپتۆپ ئەوەنـــدەش بێ بایەخ نییـــە و بۆیە دەبێت لەڕیزی ئامێرە پێشـــکەوتووەکانی ســـاڵی 2011 دابندرێت.

## شاشەی سێ ڕەهەندی سۆنی بۆ پلەی ستەیشن



شاشەی 24 ئینجی کۆمپانیای سۆنی، داهێنانێکی پێشکەوتووی نوێ بوو لەساڵی 2011دا تایبەت بەیارییە سێ ڕەهەندییەکان، ئەم شاشەیە نە تەنیا لەگەڵ کۆنسولی پلەی ستەیشن کار دەکات، بگـــرە لەگەڵ گشـــت ئامێرەکانی دیکـــەی وێنەی ســـێ ڕەهەنـــدی وەك کۆمپیوتەر و تەبلێـــت کار دەکات. توانای سەرنجڕاکێشـــی ئەوشاشـــەیە لەSimul View دایە، کە هـــەل بۆ دوو گەمەکەر دەڕەخســـێنێ کە هەر کام گۆشەی خۆیانەوە وێنەی خۆیان ببینن.

## مەکبوک ئایەر (Macbookair)



لاپتۆپی جۆری "مەکبوك" ئایەر لەســـاڵەکانی پێشـــوودا لەڕیـــزی یەکەمەکاندا بووە و ئێســـتاش دەکرێ بڵێین یەکەمیـــن لاپتۆپە، بەڵام لەمســـاڵدا یەکەی لێکدەرەوەیەکی نوێ بەلاپتۆپەوەکەوە زیاد کرا لەگەڵ ئەوەی کە ڕووناکییەك بۆ ژێر کیبۆردەکە داندرا تاکو لەشـــوێنی تاریکیش گرفتی نەبێت. لاپتۆپـــە باریکەکەی ئەپـــڵ لەبواری کاراییـــەوە بەهێزە، هەروەها باترییەکەشـــی زۆر باشە و درەنگ دادەبەزێت.

# R13C
# بەهێز پتەو خۆراگر



گەر کارو ئەرکەکەت دژوارە و شوێنەکەت سەختە، یان گەر بەردەوام لەگەشت بۆ چیا و دارستان و شوێنی ڕژد دای و دەتەوێ لاپتۆپەکەت لەگەڵت دابێت، لەوکاتەدا پێشنیار دەکەین نوتبوکی جۆری R13C لەڕیزی یەکەمەکان دێت بۆ ئەم بوارە. ئەم نوتبوکە زۆر خۆڕاگرە لەبەرامبەر، بەربوونەوە، تۆز و خۆڵ، پێکەوتنی زەربە، تەربوون، سەرما و گەرما... ڕەنگە بڵێم هیچ شوێنێك نییە کە نەکرێت ئەو نوتبووکە کاری لێنەکات، هەربۆیە وەك نوتبووکێکی نیزامی ناسراوە، جگە لەوەش کیبۆردەکەشی ئاوی تێناچێت و گلۆپی بۆ ڕووناککردنەوە لەژێر دوگمەکانی دا هەیە. ڕامەکەی 8 گیگابایتە، شاشەکەی 13,3 ئینجە، هاردەکەی جۆری SATAیە، مۆڵتی دیڤیدیە.

---

## کاتژمێری دیجیتالی سەرمێز

ئایا تۆش لەو کەسانەی کە مۆبایلەکەت لەسەر کاتژمێرێکی دیاریکراو داناوە تاکو بەیانیان لەخەوت هەستێنێ؟ یان کاتژمێرێکی دیکەت هەیە ئەو ئەرکە ئەنجام دەدات؟ کاتژمێری سەرمێزی ئەندرۆیدی دەکرێ وەك جێگرەوەیەکی باشی مۆبایل بێت. لەناو کاتژمێرەکانی ئەندرۆیدیشدا جۆری Archos 35 زۆر باشە، چونکە خاوەنی سپیکەری زۆر بەهێزی ستریۆیە، شاشەکەی 3.5 ئینجە و لەمسییە، پرۆسیسەرەکەی 1 گیگایە و 4 گیگاش میمۆرییەکەیەتی، کەشوهەوا نیشان دەدات، فیلمی ڤیدیۆی پێ سەیر دەکرێت، ئیمێلەکان دەکرێت لەکاتژمێرەکەوە وەربگری، هەروەها بەهۆیەوە دەتوانی گوێ لەپەنجا هەزار ئیزگەی ڕادیۆ بگریت، کەوایە هێشتاش هەر دەتەوێ مۆبایل بۆ لەخەو هەستان بەکاربێنی!!





## کورتە سەرنجێک لەسەر لاپتۆپی Razer blade

لەکۆتاییەکانی ساڵی 2011 دا نوێترین لاپتۆپی تایبەت بەگەمە و یاری ئەلکترۆنی سەرنجی لایەنگرانی ئەو بەشەی بۆلای خۆی ڕاکێشا، لاپتۆپی جۆری Razer blade لەڕیزی لاپتۆپە پێشکەوتووەکانی ئەم بوارە دێتە ژمار، چونکە لاپتۆپەکە تەنیا 2,2 سم ئەستوریەتی و لەئەلومینیوّم پێکهاتووە، پرۆسیسەرێکی جۆری ئەنتەل Corei7 بەخێرایی 2,8 گیگاهێرتزی لەسەرە، 8 گیگابایت ڕامەکەیەتی کارتی گرافیکی 2 گیگابایتە. تەنیا ماوسەکەی نرخەکەی 150 دۆلارە و پەدی ماوسەکە بایی 50 دۆلارە. شاشەی لاپتۆپەکە 17 ئینجە، کێشی لاپتۆپەکە 3 کیلۆیە. شاشەکە تەواو لەمسییە، کیبۆردەکەی لەمسیەو دەبێتە شاشەش بۆ نیشاندانی خەریتەی یارییەکە. 10 دوگمەی تایبەت بەپرۆگرام دانان لەسەر کیبۆردەکە هەیە.



# کۆتایی 2011 و کاتژمێرێکی سەرنج راکێش

ئەو کاتژمێرەی کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن لەکاتژمێرە سەرنجڕاکێشەکانی ساڵی 2011 بوو، بۆ نیشاندانی کات هیچ شاشە و هیچ چوکڵەیەکی نییە! تەنیا کۆمەڵێك دوگمەی هەیە کە ژمارەکانی لەسەر نووسراوە. کاتژمێرەکە کە بەجۆری Click keypad LED ناسراوە، بەهەڵبوونی چرای سەر دوگمەکان پێت دەڵێت کە کاتژمێر چەندە. بەڵام تۆ دەبێت دوگمەیەك بۆ نیشاندانی چرای دوگمەکان لێبدەی. بۆ نموونە گەر دوای داگرتنی دوگمەی نیشاندان گلۆپەکانی 9,1,5 هەڵبوون ئەوە بزانە کە کاتژمێر 9:15خولەکە. کاتژمێرەکە تەنیا شتێکی نوێیە، ئەگینا وەك کاتژمێرێکی دیکە خێرا نییە.

# Zenbook UX 21 باشترین لاپتۆپی ساڵی 2011

بەرە بەرە لەکۆتایی ساڵی زایینی نزیك دەبینەوە، سایت و گۆڤارەکان خۆیان بۆ کریسمێس ئامادە دەکەن، یەکێك لەو ئامادەکارییانەش دەستنیشانکردنی ئامێرە گرنگەکانی ساڵی ڕابردوویە، لەو نێوەدا ئەوەی سەرنجی بەکارهێنەران و بەڕێوەبەرانی سایت و گۆڤارە گرنگەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشا، لاپتۆپێکی تازە بەرهەم هاتووی کۆمپانیای ئاسۆسە بەناوی Zenbook UX 21 کە خاوەنی دیزاین و کارایيەکی باشە.

سایتی Cnet ئەم لاپتۆپە وەك باشترین لاپتۆپی ساڵی 2011 دەناسێ، ئەویش بەهۆی کارایی و دیزاینی لاپتۆپەکەیەوە. دەکرێ بڵێین ئەوە ڕکابەرێکی بەهێزی لاپتۆپی مەکبووك ئایەری کۆمپانیای ئەپڵە. ئەستووری لاپتۆپەکە تەنیا 3سم، لەمادەی ئەلەمینیۆم پێکهاتووە، گەلێك تایبەتمەندی دیکەشی هەن کە وایکردووە لەڕیزی یەکەمەکانی ساڵی 2011 دابندرێت.






# هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خو ێنە ر ێکی بەڕێزی لاپەڕەی ئایتی پرسیاری ئەوە دەکات کە ئایا چۆن دەکرێت وێنەیەك کە فۆرماتەکەی JPG یە بکەین بەفۆرماتی PSD، بۆ ئەوەی کە دەستکاری بکرێت؟ لەو کورتە نامەیەی کە ئەو خوێنەرە بەڕێزە نووسیویەتی من هەروا لەپرسیارەکەی گەیشتم..

خوێنەری بەڕێز لەسەرەتاوە بڵێم ئێستاکە زۆربەی هەرە زۆری وێنەکان بەفۆرماتی JPGین، واتە ئەو وێنانەی کە فۆرماتی PSDیشن لەسەرەتادا فۆرماتی JPG بوونە، بەهۆی ئەوەی کە فۆرماتی JPG لەم سەردەمەدا گرنگترین فۆرماتە بەلای وێنەگرانەوە، گشت کامێرا دیجیتالیەکان و ئامێرەکانی وەك مۆبایل و ئایپاد و ئایپۆد و تەبلێت، وێنەکان بەم فۆرماتە خەزن دەکەن. بەڵام فۆرماتی PSD تەنیا تایبەتە بەفۆتۆشۆپ و هەندێك پرۆگرامی دیکەی سەر بە ئەدۆب... گەر بەڕێزتان شارەزاییت هەبێت لەپرۆگرامی فۆتۆشۆپ دەزانی پاش کردنەوەی وێنەیەك گەر لایەر لایەر واتە بەش بەشت کرد ئەوە ئۆتۆماتیکی فۆرماتەکە دەبێتە PSD. یان دەکرێ بەSave as بیکەی بەPSD.. پاشان بەویستی خۆت وێنەکە دەستکاری بکە.